


**تەنیا لە ماوەی سێ ساڵدا بەبڕی ١٦ ملیار دۆلار مۆڵەت بە ١٧٤ پرۆژەی وەبەرهێنانی ئابووریی دراوە**

**ئاستی ئاڵوویری بازرگانی لەنێوان هەرێم و تورکیا بۆ ئاستی ١٠ ملیار دۆلار زیادیکردووە**

# پێگەیەکی ستراتیژی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەروازەیەکی بازرگانی بۆ عێراق

## ئایا دەسەڵاتی سیاسیی لە هەرێمدا بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی ئابووریeconomic policy توانای لەبەردەستدا هەیە ؟

**ژمارەی کۆمپانیا ناوخۆیی و دەرەکییەکان لە ١٠ هەزار کۆمپانیا تێپەڕ بووە**

لە چوارساڵی رابردوودا گۆڕانکارییە سیاسی و ئابوورییەکانی هەرێمی کوردستان ئاراستەی زۆر رووداوو پێشهاتی ئابووری لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و ئیقلیمی وەرچەرخاند، ئەمەش بۆ ئەو سیاسەتە ژیرانەیەی کابینەی پێشوو سەرۆکەکەی دەگەڕێتەوە، کەتوانی سەرکەوتن تۆمار بکات، بەهاوشێوەی ( لی کوان یو)ی سەرکردەی سەنگافورە کە لەڕێگای سیاسەتێکی ئابوورییەوە economic policy کە وڵاتەکەی لە جیهانی سێیەمەوە بەرەو یەکەمین ئاراستە کرد، بەهەمان شێوە کابینەی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دوو ئیدارەیی و بێ وزەیی نەوت و کارەباوە بەرەو هەرێمێکی بەرهەمهێنەری نەوت و کارەبا ئاراستە کرد، سوود وەرگرتن لە کەرتی تایبەت بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا لەئاستی عێراقدا هەنگاوێکی گەورەو بوێرانە بوو، وایکرد بەهای ملیارو نیوێك وەبەرهێنان بڕژێتە ناو ئەم کەرتە گرنگەوە، لەلایەکی ترەوە هەیکەلی وەزارەتەکان داڕێژرانەوەو خزمەتگوزارییەکان گەیاندرایە ئاستێکی باش و دەسەڵاتی پارێزگاکان زیادیکردوو، دەسەڵاتەکانی حوکمڕانی لە دەسەڵاتی دادوەری جیاکرانەوەو بۆیەکەمینجار لە مێژووی هەرێمەکەدا بناخەی جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت پەیڕەوکرا لەکاتێکدا تاکو ئێستا لەحکومەتی عێراق حکومەت و بەرژەوەندی گشتی کراوەتە قوربانی حیزب و بەرژەوەندی شەخسی تەنانەت مەرکەزییەت لە حوکمڕانی پەیڕەو نەکراوە، لە کابینەی پێشووی حکومەتدا وەزیرەکان خۆیان بۆیان هەبوو جێگر دانێن یاخود دای نەنێن و پارێزگاکان بەپێی تایبەتمەندییان ئازادی بڕیارو کارکردنیان پێدراو دەسەڵاتیان زیاد کرا، نووسینگەی ئەنجومەنی وەزیران لەشاری سلێمانی کرایەوە، بەمەش ئەزموونێکی نوێی حوکمڕانی پەیڕەوکرا، دوور لە تاقیکردنەوە شکستخواردووەکەی حکومەتی عێراق، کە بەدرێژایی مێژوو تاکو ئەمڕۆ رێگرن لەبەردەم بوونی فەلسەفەیەکی بەرهەمهێن و پلانێکی ئابووری لەم هەرێمەدا، دژایەتیکردنەکانیشیان لەبواری بەرهەمهێنانی نەوت و هەموو گرێبەستێکی نەوت و گاز نموونەیەکی بەرچاوی ئەم دژایەتیکردنەیە..

**گۆڕینی زمانی هەڕەشەو سیاسەت بە زمانی بەرژەوەندییە ئابوورییەکان**

بەرنامەو سیاسەتی ئابووری کابینەی پێشووی حکومەت بوو، وایکرد حکومەتی تورکیا زمانی هەڕەشە بگۆڕێت بۆ بەرژەوەندی هاوبەش و، ئێرانییەکان لەدەستێوەردان و تۆپبارانەوە بەرەو ناردنی گەورە کۆمپانیاو بیزنسکارەکانیان هەنگاو بنێن، بەسەدان عەرەبیش لە ناوچەکانی

**بەرنامەو سیاسەتی ئابووری کابینەی پێشووی حکومەت وایکرد حکومەتی تورکیا زمانی هەڕەشە بگۆڕێت بۆ بەرژەوەندی هاوبەش، هەروەها ئێرانییەکان لەدەستێوەردان و تۆپبارانەوە بەرەو ناردنی گەورە کۆمپانیاو بیزنسکارەکان هەنگاو بنێن**

**سوود وەرگرتن لە کەرتی تایبەت بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا هەنگاوێکی نوێ و بوێرانە بوو کە لەئاستی عێراقدا ئەزموونێکی نوێ بوو ئەمەش وایکرد بڕی ملیارو نیوێک وەبەرهێنان بڕژێتە ناو ئەم کەرتە گرنگەوە**



**لە٤ ساڵی ڕابردوودا چەندین ڕێکەوتن و پرۆتۆکۆلی بازرگانی و کردنەوەی پێشانگای نێودەوڵەتی لە نێوان سەرمایەدارانی ئێران و نوێنەرانی بازرگانی هەرێم مۆرکراوە**

**لەچەند ساڵی ڕابردوودا پەیوەندی ئابووری و بازرگانی حکومی و تایبەتی لەگەڵ ئێراندا لە بوارەکانی کارەباو بازرگانی و ئاوەدانکردنەوە گۆڕانکاری باشی بەخۆوە بینیوە**

**هەریەک لە ئێران و سوریاش توانیویانە سیاسەتی خۆبژێوی پەیڕەو بکەن و ناردنە دەرەوەی کاڵاو بەرهەمەکانیان زیاد بکەن**

ناوەراست و خوارەوە روویان کردە ناوچە گەشتیارەکانی کوردستان. پێشکەوتنە ئابوورییەکە بوو کە لەپاڵ گەشەکردن بەسیستەمی دیموکراسی وایانکرد زیاتر لە ١٥ وڵاتی جیهان کونسوڵخانەو نووسینگەکانیان لە پایتەختی کوردستان بکەنەوە، لەساڵی ٢٠٠٨ەوە تاکو ئێستا زیاتر ٣٥٠ کارگەی بچووکی جۆراوجۆر دروستکراون کە ٢٩٨١ کەس کاریان تێدا دەکەن، بەمەش کابینەی پێشوو توانی لە ڕێگای کەرتی تایبەتەوە هەلی کار زامن و مسۆگەر بکات، ئەوەتا دوای تەواوبوونی پرۆژەی شاری گاز هەلی کاری راستەوخو ناراستەوخۆ بۆ دەیان هەزار کەس دابین دەکرێت، ئەم دامەزراوانەو کارگانەش ئومێدی باشبوونی ئاستی کەرتی بەرهەمهێنانی لێکەوتەوە ئەوەتا لە کارگەی ئەربیل ستیل لە هەولێر کە ٦٠٠ کرێکارو کارمەند لەخۆدەگرێت نزیکەی لە٣٠٪ی پێداویستی ناوخۆیی دابین دەکات، لەسەر ئاستی پێوەندییە ئابوورییەکانی نێوان هەرێم و وڵاتانی دەوروبەریش ئاستی ئاڵوێری بازرگانی نێوان هەرێم و تورکیا بۆ ١٠ ملیار دۆلار زیادیکردووە، تورکەکان بوونێکی ئابوورییانەو بازرگانی بەرچاویان لە هەرێمەکەدا هەیە لە٨٠٪ی کاڵاو بەرهەمە فرۆشراوەکانی کوردستان لە تورکیاوە دەهێندرێت، کۆمپانیا تورکییەکان نیوەی زیاتری کۆمپانیا بیانییەکان پێك دەهێنن، تەنیا لە ٨ مانگی ٢٠٠٩ دا کۆمپانیا تورکییەکان ٤٠ ملیۆن دۆلار سەرمایەیان بەگەڕخستووە، بەکردنەوەی کونسوڵخانەی تورکیاش پێوەندییە ئابوورییەکان دەچێتە دۆخێکی زۆر پێشکەوتووترەوە. سەرەتای ڕێگای وەبەرهێنان و پەرەپێدانی ئابووری لە کابینەی پێشووی حکومەت لە یاسای٤ی ساڵی ٢٠٠٦ی وەبەرهێنان دەستی پێکرد، ئەو یاسایەی لە لایەن دەستەی وەبەرهێنانی کوردستانەوە دەرچوو، سەرجەم ئاسانکاری دابینکردنی زەوی و تاکو ١٠ ساڵ لێخۆشبوونی باج و گومرکی بۆ وەبەرهێنەری بیانی تێدایە، بگرە باجی گومرکی لەسەر سەرجەم ئامێرو کەرەستەو شۆفڵ و ئوتۆمبێلی بەکارهاتوو لە پرۆژەکاندا هەڵگیراوە، ڕێگای ناردنە دەرەوەی پارەو قازانجەکانیش لەوەبەرهێنەری بیانی نەگیراوە، ئەمەش لە پێناو ئامانجە سەرەکییەکەی دەرچوونی یاساکەیە ( پێشکەشکردنی سەرجەم ئاسانکاری و یارمەتی و لێخۆشبوونی گومرکی و باج و ڕێکخستنی بوارە جۆراو جۆرەکانی پرۆسەی وەبەرهێنان..)ئەم ئاسانکارییانە وایکردووە یاساکانی هاندان و راکێشانی وەبەرهێنانی بیانی لە یاساکانی دوبەی و هۆنگ کۆنگ و کوالالامبور باشترو سەرنجراکێشتر بێت بۆ وەبەرهێنەری بیانی، بەرادەیەك تەنیا لە ماوەی سێ ساڵدا بەبڕی ١٦ ملیار دۆلار مۆڵەت بە ١٧٤ پرۆژەی وەبەرهێنانی ئابووریی دراوە، لەپارێزگای هەولێردا بەدەیان کۆمپانیای بیانی دەستیان بەکار کردووەو بەپێی هەندێك سەرچاوە لە دەزگای وەبەرهێنانی کوردستانەوە:(تەنیا لە ماوەی ١٨مانگی رابردوو قەبارەی وەبەرهێنانی بیانی بە ١٥ ملیار دۆلار دادەنرێت و نیوەیان لەلایەن وەبەرهێنەری عەرەبی ئەنجام دراوە )، ئەمە جگە لەوەی ژمارەی کۆمپانیا ناوخۆیی و دەرەکییەکان لە ١٠ هەزار کۆمپانیا تێپەڕ بووە.

## بازاڕەکانی کوردستان پشتیان بە بەرهەم و کاڵای هەرزانی ئێرانی بەستووە

دەزگای پەرەپێدانی بازرگانی ئێرانیش پێشبینی بەرزبوونەوەی ئاڵوێری بازرگانی بۆ ٧ ملیار دۆلار کردووە، دوای ئەوەی ئاستی ئاڵوێری بازرگانی لەگەڵ ئێران لەساڵی رابردوو گەیشتبووە ٥ ملیار دۆلار. ئەم ژمارەیە بە پێی لێدوانەکانی ئاژانسی هەواڵگری ئەمەریکی زۆر زیاترە کەپێی وایە عێراق لە ٢٠٠٦ەوە بە بەهای ٢١ ملیار دۆلار کاڵاو بەرهەمی ئێرانی هێناوە لە بەرامبەردا ئێران ڕێگای بە ژمارەیەکی زۆر کەم بە ناردەنی عێراق داوە، لەچەند ساڵی رابردوودا پەیوەندی ئابووری و بازرگانی حکومی و تایبەتی لە بوارەکانی کارەباو بازرگانی و ئاوەدانکردنەوە گۆڕانکاری باشی بەخۆوە بینیوە، بەتەواوەتی بازاڕەکانی کوردستان پشتیان بە بەرهەم و کاڵای هەرزانی ئێرانی بەستووە (تەنیا کۆمپانیا تورکییەکان توانیویانە کێبرکێیەکی باشی بیزنسکاران و کۆمپانیاکانی ئێران بکەن) بوونی دوو دەروازەی سەرەکی (حاجی ئۆمەران و پەروێزخان)لەهەولێرو سلێمانی و سنوورێکی فراوانی وشکانی لەگەڵ کوردستان و باشبوونی کوالیێتی بەرهەم و پێشکەوتنی پیشەسازی لە دووەمین گەورە وڵاتی بەرهەمهێنەری نەوت لە جیهاندا، چەندین ڕێکەوتن و پرۆتۆکۆلی بازرگانی و کردنەوەی پێشانگا لە نێوان سەرمایەدارانی ئێران و نوێنەرانی بازرگانی هەرێم مۆرکراوە، ئەمانە هەمووی وایکردووە نزیکبونەوەو راکێشانی وەبەرهێنەری ئێرانی بۆ هەرێمەکەمان زۆر خەسڵەت و باشی هەڵگرێت

## فرۆکەخانەی ٢ی نێودەوڵەتی هەولێر ساڵانە توانای پێشوازیکردنی ٣ ملیۆن گەشتیاری هەیە

کابینەی پێشووی حکومەت بۆ پتەوکردنی پێوەندییە ئابوورییەکان گرنگییەکی تایبەتی بەکەرتی گواستنەوەی ئاسمانیدا، ئەوەتا لەهەردوو پارێزگای هەولێرو سلێمانی ٣ فرۆکەخانەی دامەزراندووە کە گرنگترینیان فرۆکەخانەی ٢ی نێودەوڵەتی هەولێرە ٤٨٠٠ مەتر درێژەو ٩٠ مەتر پانە، کە لەنێو فرۆکەخانەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست درێژترین فڕگەی هەیەو لە ئاستی جیهانیش پێنجەمین فڕۆکەخانەیە و ساڵانە توانای پێشوازیکردنی ٣ ملیۆن گەشتیاری هەیەو رۆژانە دەکرێت ١٥٠ گەشتی هەبێت، یەکەمین فڕۆکەش کە لەم فرۆکەخانەیە نیشتەوە فڕۆکەیەکی تورکی بوو.



## ڕۆژانە هەرێمی کوردستان ١٠٠ هەزار بەرمیلی لە ڕێگای عێراقەوە هەناردە دەکرد

پاراستنی ئارامی و ئاسایشی کوردستان لە گرنگترین و سەرەکیترین ئەو خاڵانەیە کە دەبێت پارێزگاری لێبکرێت، چونکە پاراستنی ئەمنییەت و ئارامی فاکتەرێکی سەرکییە بۆ بەهێزبوونی ژینگەی وەبەرهێنان، کە هیچ وڵاتێك نەیتوانییوە بەبێ بوونی ئەم خاڵە بانگەشەی وەبەرهێنانی بیانی بکات، دەکرێت لە هەرێمێکدا کە کەوتبێتە ناوچەیەکی نائارامەوە وەبەرهێنان بکرێت، بەڵام بەبوونی زەمانەت و متمانە، ئەمەش وای لەگەورە کۆمپانیا پێترۆلییەکان کرد روو بکەنە هەرێمی کوردستان و کاری وەبەرهێنان ئەنجام بدەن بەرادەیەك ڕۆژانە هەرێمی کوردستان ١٠٠ هەزار بەرمیلی لە ڕێگای عێراقەوە هەناردە دەکردو پێشبینی ئەوەش دەکرێت دوای ساڵێك ئەم برە ببێتە ٢٠٠ هەزار بەرمیل پێترۆل، ئەم دەستکەوتە گەورەیەی هەرێمی کوردستان بۆ بوێری و توانای بەرزی سەرۆکی حکومەت لە کابینەی پێشوو دەگەڕێتەوە کە سەرەڕای هەرەشەکانی (مالیکی و شەهرستانی) هەرێمی کوردستانی کردە پێگەیەکی وەبەرهێنانی نەوت لە جیهاندا. لەم ژمارەیەی گوڵاندا راوبۆچوونی سێ پسپۆڕ و شارەزای ئابووریمان وەرگرت.

**پرۆفیسۆری یاریدەدەر (د.حوسێن تۆفیق):**

## کاتی ئەوە هاتووە یاساو ئاسانکارییەکان بۆ وەبەرهێنەرەکانی وڵاتانی دەوروبەر لەسەر بنەمای کارکردن بێت لەسەرژێرخان و بەرهەمهێنان




گەر بەراوردێك لەنێوان سیاسەت و بەرنامە ئابوورییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بکەین، ئەو کات ئاستی جیاوازییەکەمان بۆ دەردەکەوێت، لە هەرێمی کوردستان لە ئاکامی سیاسەتی ژێری ئابوورییانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئاستی ئاڵوێری بازرگانی و ژمارەی کۆمپانیا بازرگانی و بەڵێندەرایەتییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووە، بەتایبەتی لەگەڵ هەردوو وڵاتی تورکیاو ئێران کە بەدەیان کۆمپانیاو بەسەدان بیزنسکاریان هاتۆتە هەرێمی کوردستان، بێگومان یاسای وەبەرهێنانی بیانی و ئەو ئاسانکاری و هاندان و پاڵپشتییەی کە لە ماددەو بڕگە یاساییەکانیدا هاتووە کاریگەری لەسەر راکێشانی کۆمپانیاو وەبەرهێنەرە بیانییەکان هەبووە، ئەمڕۆ لەم قۆناغە نوێیەدا کاتی ئەوە هاتووە بە زۆر ماددەو بڕگەدا دووبارە چاوخشاندنەوە بکرێت، بەمەبەستی زیاتر یارمەتیدان و هاندانی ئەو کۆمپانیاو بیزنسکارانەی کە لەکەرتەکانی ژێرخان و بەرهەمهێنان وەبەرهێنان دەکەن . کابینەی پێشوو چەند هەنگاوێکی گرنگیداوە، لەم کابینەیەش پێویستە هەنگاوەکان بچەسپێنرێت و گۆڕانکاری بنەڕەتی لەیاساو ڕێنماییەکان بکرێت، ئەو کات تەنیا مەبەست راکێشانی زۆرترین کۆمپانیاو وەبەرهێنەر بوو کە توانرا ئەم ئامانجە بهێنرێتە دی، کاتی ئەوە هاتووە لە رووی کوالێتی و ناوبانگی و بەمەرجی کارکردن لەکەرتەکانی ژێرخان و بەرهەمهێنان یاسای وەبەرهێنان گۆڕانکاری تێدا بکرێت، تاوەکو چیتر پارەیەکی زۆر و داهاتی هەرێمەکە نەچێتە وڵاتانی دەوروبەر . پێم وایە یاسای کۆمپانیاکان و یاساکانی بازرگانی و وەبەرهێنان لە عێراق و کوردستان کە لەسەر بنەمای ئابووری مەرکەزی دانراوە.

دکتۆرحوسێن تۆفیق سەبارەت بە ئاستەنگەکانی بەردەم پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان لەبواری پتەوکردنی پێوەندییە ئابوورییەکان لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر بەمەترسی گەورە دانا و ئاستەنگی خستۆتە بەردەم مۆرکردنی گرێبەست و ڕێکەوتنی بازرگانی بەو پێیەی لە دەستووری عێراقدا هاتووە هەموو ئەو ڕێکەوتنە گەورەو ستراتیژییانە بە دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی لکێنراوە، بەڵام ئەمە بێ چارەسەر نییە : کەرتی تایبەت و پێوەندییە ئابوورییەکانی نێوان گەورە کۆمپانیاکانی ناوخۆو دەرەوەی وڵات هەلێکی زێڕینە بۆ ئەنجامدان و مۆرکردنی ئەو گرێبەستانە، لە جیهانی ئەمڕۆدا کۆمپانیاکان ڕۆڵی حکومەتەکانیان سنووردار کردووە.

**دکتۆر ئەمین سەعید ئەلئەدریسی ئوستادی یاریدەدەر لەبواری ئابووری و ئەکادیمی عێراقی تایبەتمەند لەسەر پەرەپێدانی ئابووری:**

## لەچوار ساڵی رابردوو ڕێژەی گەشەی ئابووری و پێشکەوتن لەهەرێمی کوردستان رووی لە هەڵکشان کردووە



دکتۆر ئەمین سەعید ئەلئەدریسی: لەم سەردەمەدا بەرنامەو سیاسەتە ئابوورییەکانeconomic policy گۆڕانکاری بنەڕەتیان بەسەردا هاتووە، دوای ئەوەی حکومەتەکان ئەو راستییەیان بۆ دەرکەوت، کە لە ئەنجامی دەستتێوەردانی هەڵە لە ناو کاروباری ئابووری دا پەرەپێدانی ئابووری داشکاو حکومەتەکانیش لەپەیڕەوکردنی سیاتێکی ئابوورییانەی بەهێزو سەرکەوتوو شکستیان هێنا، بۆیە حکومەتەکان بەنایان بردە بەر میکانیزمێکی نوێ بۆ زیادکردنی تواناو چالاك کردنی بازاڕەکان، ئەویش میکانیزمی ئابووری بازاڕ بوو لە پێناو زامنکردنی پەرەپێدانێکی خێرای ئابووری.

لەم سیستەمە ئابوورییەدا سیاسەتەکان

**حکومەتەکان لە پێناو زامنکردنی پەرەپێدانێکی خێرای ئابووری پەنایان بردە بەر میکانیزمی ئابووری بازاڕ**

**دوای تەواوبوونی پرۆژەی (شاری گاز) هەلی کاری راستەوخۆ و ناراستەوخۆ بۆدەیان هەزار کەس دابین دەکرێت**

**کاتی ئەوە هاتووە لە رووی کوالێتی و ناوبانگی و بەمەرجی کارکردن لەکەرتەکانی ژێرخان و بەرهەمهێنان یاسای وەبەرهێنان گۆڕانکاری تێدا بکرێت، تاوەکو چیتر پارەیەکی زۆر و داهاتی هەرێمەکە نەچێتە وڵاتانی دەوروبەر**

**کابینەی نوێی حکومەت درێژەپێدەرو تەواوکەری بەرنامەو کارە ئابوورییەکانی کابینەی پێشووە**

بەچەشنێك دادەڕێژرێن قەبەیی حکومەت و دامودەزگاکانی کەم بکرێتەوە و بەپێچەوانەشەوە کەرتی تایبەت هاندەدرێت و فراوان دەکرێت و چارەسەری خێراو گونجاویش بۆ بێکاری و هەژاری و هەڵاوسانی نرخەکان دەدۆزرێتەوە، ئامانجیش لەم گۆڕانکاری و چاکسازییانە پەیرەوکردنی میکانیزمێکی نوێی ئابوورییە بۆ بەڕێوەبردنی چالاکی ئابووری و پتەوکردنی پێوەندییە ئابوورییەکان لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەرو جیهان.

لەوەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە کاریگەری سیاسەتە ئابوورییەکانی حکومەتی عێراق بۆ سەر هەرێمی کوردستان ئەلئەدریسی لەو بڕوایەدایە: تاکو پارتە سیاسییەکان لە ململانێی توندی نێوانیاندا بن حکومەت ناتوانێت سیاسەتێکی ئابوورییانەی باش و پێشکەوتوو پەیڕەو بکات، ڕاستە تارادەیەك لە حکومەتەکەی مالیکی و لەناو پەرلەمان سیاسەتی ئاوورییانەی باش داڕێژرا بەڵام لەرووی پراکتیکی و لە واقیعدا پەیڕەو نەکرا، ئەم دۆخە کاردانەوەو کاریگەری لەسەر کوردستانیش هەیە بەو پێیەی ئەو هەرێمە فیدراڵییە بەشێکە لە عێراق، گەرچی سەرەڕای کەموکورتییەکان و کاریگەرییەکانی حکومەتی بەغدا لەسەر هەرێمی کوردستان من پێم وایە لەچوار ساڵی رابردوودا بەتایبەت لە کابینەی پێشوو ڕێژەی گەشەکردن لەو هەرێمە رووی لە هەڵکشان کردوو ئاستی خزمەتگوزارییەکانیش بەرەو باشتر چوون و تارادەیەکی باشیش هەموو نیشانە ئابوورییەکان کە لەعێراقەوە لەسەر هەژاری و بێکاری دەردەچوون ئاماژەیان بەوە داوە بارودۆخەکە بەراورد بە ناوچەکانی تری عێراق رووی لە باشی کردووەو جیاوازی بەرچاو دەبینرێت، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ ئەو ئارامی و سەقامگیرییەی کە هەرێمەکە بەخۆیەوە دەبینێت، جێی دڵخۆشییە حکومەت هەوڵی باشبوونی زیاتری بارودۆخەکە دەدات .

ڕەنگە سوود وەرگرتن لەئەزموون و هەنگاوەکانی ئەو وڵاتانەی بەشێوەیەکی خێرا پەرەپێدانی ئابووریان بەخۆیانەوە بینی بۆ ئێمەی عێراقییەکان باش بێت، بەتایبەت ئەزموونی وڵاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا کە بەپڵنگەکانی ئاسیا ناودەبرێن، ئەو وڵاتانە لە پێشەنگی وڵاتانی جیهان دادەنرێن کە لە ڕێگای سیاسەتە ئابوورییەکانیانەوە گەیشتنە ڕێژەیەکی بەرزی پەرەپێدانی ئابووری.

**دکتۆر نەرمین مەعروف شارەزا لەبواری پەرەپێدانی ئابووری و مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی:**

## سیاسەتی ئابووری تەنیا خواست نییە، بەڵکو توانای جێبەجێکردنیشە



**دەکرێت حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕێگای هەڵسەنگاندنی تواناکانیەوە چەند سیاسەتێکی ئابووری تایبەت بەخۆی هەبێت و پیادەی بکات وەکو سیاسەتە بازرگانی و کشتوکاڵ و پیشەسازییەکان**

دکتۆر نەرمین مەعروف: سیاسەتی ئابووری سەرجەم ئەو ڕێساو ڕێوشوێن و ڕێنماییانە دەگرێتەوە، کە لایەنی پێوەندار لە ناو دەوڵەت دەریدەکات و دەیگرێتەبەر و پیادەی دەکات، بەمەبەستی بەدیهێنانی کۆمەڵێك ئامانج و مەبەست بۆ پێشخستنی ژیانی ئابووری و پەرەپێدانی کەرتە ئابوورییەکان، کەلە دیدوبۆچوونە فەلسەفیەکەیەوە داڕێژراوە. سیاسەتە نەختینەیی و دارایی و نرخی ئاڵوێری دراوو بازرگانی لە گرنگترین سیاسەتە ئابوورییەکانن، دواتریش سیاسەتەکانی بەگەڕخستنی دەستی کارو کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزارو چەندین سیاسەتی لاوەکی تری ئابووری دێت. لێرەدا نابێت خاڵێکی گرنگ پشتگوێ بخەین ئەویش بەدیهێنانی ئامانجەکانی سیاسەتی ئابوورییە کە مەرج نییە بۆ ماوەو کاتێکی نزیك بێت، بەڵام مەرجە لەدوا قۆناغدا ئامانجەکان بهێنێتە دی.

سەبارەت بە توانای حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پیادەکردن و جێبەجێکردنی بەرنامە ئابوورییەکانی حکومەت و پێشخستنی کەرتە ئابوورییەکان، بەتایبەتی دوای ئەوەی کابینەی پێشوو ڕووبەڕووی کۆمەڵێك ئاستەنگی گەورە بووەوە هەر لە یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەیی و تاکو کێشەی کارەبا و ئاوو وشکەساڵی و ململانێ و کێشمەکێشی حکومەتی ناوەندی بەغدا دکتۆر نەرمین لەو بڕوایەدایە: گەرچی تارادەیەکی زۆر سیاسەتەکانی نەختینەیی و دارایی و بگرە بڕە پارەی تەرخانکراویش بۆ خەرجییەکان لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی بەغدایە بەو پێیەی سیاسەتی نەختینەیی و دارایی و تەنانەت دیاریکردنی بەشە داهاتی هەرێمیش بەغدا دیاری دەکات- یاخود پێوەندی بەبەغداوە- هەیە، بەڵام دەکرێت حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕێگای هەڵسەنگاندنی تواناکانیەوە چەند سیاسەتێکی ئابووری تایبەت بەخۆی هەبێت و پیادەی بکات وەکو سیاسەتە بازرگانی و کشتوکاڵ و پیشەسازی کە دەکرێت سیاسەتی ئابوورییانەی باشتری هەبێت، فاکتەری سەرەکی داڕشتنەوەو پیادەکردنی هەر سیاسەتێکی ئابوورییانەی سەرکەوتوو لایەنی یاسایی و داراییە، لەهەڵسەنگاندنەکانمان بۆ سیاسەتی حکومڕانەکان لەرووی ئابوورییەوە دەبێت هەمیشە پەیوەستی بکەین بەو قۆناغە ئابوورییەوە کە سیاسەتەکەی تێدا داڕێژراوە، ئایا ئەو دەسەڵاتە سیاسییەی حوکمڕانی هەرێمی پێ ڕاسپێردراوە توانای لەبەردەستدایە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتە ئابوورییەکەی؟ واتە مەسەلەکە تەنیا لەسەر خواست ڕانەوەستاوە. لەهەرێمی کوردستان گەرچی خاوەنی پەرلەمان و حکومەت و بوودجەی تایبەت بە هەرێمین، بەڵام سیاسەتی نەختینەیی و دارایمان نییەو پاشکەوتەی حکومەتی ناوەندی فیدراڵی بەغداین( نەختینەیی لە بانکی ناوەندی بەغدا دیاریدەکرێت و داراییش پاشکۆیە بۆ ئەو بڕە داهاتەی لەحکومەتی ناوەندی بۆ هەرێمەکە دیاری دەکرێت و تەرخان دەکرێت)، بۆیە بۆ هەڵسەنگاندنی توانای حکومەت لە پەیڕەوکردنی سیاسەتە ئابوورییەکان پێویستە ئەو دۆخەی حکومەت دیاری بکرێت کە توانای چەندەو تاچ ڕادەیەك پاشکۆی سیاسەتەکانی وڵاتانی ترە.

**هانی وەبەرهێنەرو بیزنسکارانی بیانی و وڵاتانی دەوروبەر بدرێت زیاتر روو بکەنە کەرتەکانی ژێرخان و بەرهەمهێنان**